# کاریگەری فاکتەرە رامیارییەکان لە سەر دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسوور لە ماوەی ١٩٥٧-٢٠٠٩

م.ی ساسان حكمت علی

پوختەی توێژینەوە

فاکتەرە رامیارییەکان کاریگەریەکی گەورەیان لە سەر دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسور دا هەبووە کە تاکوو ئەمڕۆکەش شوێنەوارەکەی ماوەتەوە و بووەتە هۆی جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری ناوچەی لێکۆڵینەوە و ڕەنگدانەوەشی لە سەر ڕادەی پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەشی هەبووە ، بۆیە لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی دانیشتوان گرنگی خۆی هەیە بۆ دانانی بەرنامە و پلانەکانی پەرەپێدان و چارەسەرکردنی کێشەکان و دانانی چارەسەر بۆیان.

لەم توێژینەوەیەماندا (کاریگەری فاکتەرە رامیارییەکان لە سەر دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسوور لە ماوەی ١٩٥٧-٢٠٠٩) باس لە شوێنی جوگرافی قەزاکە و ئەو گۆڕانکاریانە دەکەین کە لە ڕووی کارگێڕی و ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە دا ڕووی داوە ئەمە جگە خستنەڕووی ڕەهەندی دیمۆگرافی ناوچەکە و هەروەها دابەشبوونی ژینگەیی و قەبارەیی دانیشتوانەکەی لە گەڵ تیشك خستنە سەر چڕی دانیشتوانەکەی و هەروەها باسکردنی قۆناغەکانی ڕاگوێزانی دانیشتوانی قەزاکە و لە گەڵ خستنەڕووی چەندین دەرئەنجام و ڕاسپاردە.

پێشەکی :

توێژینەوە لە بواری دابەشبوونی دانیشتوان لە جوگرافیا دا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە چونکە پەیوەندی نێوان دانیشتوان و شوێنیان دەردەخات لە گەڵ دەرخستنی هۆکاری دابەشبوونیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ، ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسور دا ڕووی داوە هەر لە خۆوە نەبووە بەڵکو دەرئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێك بووە کە لە سەرووی هەموویانەوە فاکتەرە رامیارییەکانە کە بووەتە مایەی جیاوازی دابەشبوون و چڕی دانیشتوان لە ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوە هەروەها هۆکار بووە بۆ سەرهەڵدانی چەندین گۆڕانکاری دیمۆگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا.

گرفتی توێژینەوە : بوونی نایەکسانی لە دابەشبوونی دانیشتوان و گردبوونەوەیان لە نێو ناحییە کانی و لە نێوان شار و گوند دا لە قەزاکە کاری کردوەتە سەر جیاوازی لە دابەشبوونی کەرتەکانی خزمەتگوزاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی .

گریمانەی توێژینەوە :

١-جیاوازی لە دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسور هەیە کە فاکتەری راەیاری رۆڵی کاریگەری هەبووە

٢-نایە کسانی لە چڕی و قەبارەی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسوور ، بۆتە هۆی دەرکەوتنی جیاوازی لە رووی خزمەتگوزارییە ئابووری و کۆمەڵا یەتیەکان.

ئامانجی توێژینەوە : دەرخستنی ڕۆڵی هۆکارە رامیارییەکانە لە سەر جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسورە لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩) و ڕادەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە هۆی ئەو دابەشبوونەوە دروست بووە.

میتۆدی توێژینەوە :لە لێکۆڵینەوەکەمان دا پشتمان بە میتۆدی شیکردنەوەی بەراوردکاری بەستووە و ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩)مان داناوە وەك چوارچێوەی زەمەنی بۆ لێکۆڵینەوەکەمان ئەویش لە سەر ئەو بنەمایەی کە ساڵی (١٩٥٧)بە دروسترین سەرژمێری دادەنرێت لە عێراق و هەروەها سەرەتایە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە سەر ناوچەی لێکۆڵینەوە دا هاتووە ساڵی (٢٠٠٩)ش پشتمان بەو داتایانە بەستووە کەوا دەزگای ئامار ئەنجامی داوە و ئەمەو پیشاندانی ئەم داتایانە لە سەر کۆمەڵە نەخشە یەك و بەکارهێنانی چەندین پێوەر و ڕێگای ئاماری بە مەبەستی دەرخستنی جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

پلانی توێژینەوە :لە سەر بنەمای ئامانجەکانمان پلانی لێکۆڵینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ سێ بەش کە بەشی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە بریتیە لە سێ باسی سەرەکی کە باسی یەکەم تایبەتە بە ڕەهەندی جوگرافی و باسی دووەمیش ڕەهەندی دیمۆگرافیە لە باسی سێیەمیش دا باسی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەمان کردوە، هەرچی بەشی دووەمە ئەوا بریتیە لە دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان و تێکڕای قەبارەیی گوند لە ناوچەکە کە دابەشمان کردوە بۆ دوو باسی سەرەکی ، بەشی سێیەمیش تایبەتکراوە بە چڕی و قۆناغەکانی ڕاگوێزانی دانیشتوانی ناوچەکە لە ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوە دا و پۆلێنمان کردوە بۆ دوو باسی سەرەکی ، لە کۆتاییشدا چەندین دەرئەنجام و ڕاسپاردەمان خستوەتەڕوو.

ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە : ئاشکرایە هیچ توێژینەوەیەك بەبێ گیروگرفت نابێت، بە تایبەتی لێکۆلینەوە لەبابەتێکی گرنگی لەم شێوەیە، بۆیە ئەم لێکۆلینەوەیەش توشی چەندین گرفتو ئاستەنگ هاتووە لەوانە:-

١-داتاکانی سەرژمێری دانیشتوان کەرە ستەی سەرەکی ئەم جۆرە لێکۆلینەوانەن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەر ئاستی دەڤەری لێکۆلینەوە، تەنها لەسەرژمێری گشتی سالی (١٩٥٧) دا تا ڕادەیەك ئامارەکان ڕاست و دروستن سەرژمێرییەکانی تر بە هۆی ناجێگیری ڕەوشی سیاسی ناوچەکەوە زۆر دروست نین، ئەو ئامارانەشی لە ئێستا دا هەن کەم و کوڕی زۆریان تێدایە.

بەشی یەکەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

باسی یەکەم : رەهەندی جوگرافی :

قەزای مێرگەسۆر یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر و کەوتوەتە بەشەکانی باکوری و باکوری رۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان ، لە ڕووی شوێنی فەلەکیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی(٣٦:٤٢:٣٨)(٣٧:٢٠:٤٨)ی باکور و هەردوو هێڵی درێژی (٤٣:٤٩:٤٢)(٤٤:٣٤:١٦)ی ڕۆژهەڵات(بڕوانە نەخشەی ژمارە ١). سەبارەت بە سنورەکەی تورکیا دەکەوێتە بەشەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی و قەزای سۆران دەکەوێتە بەشەکانی باشوری رۆژهەڵاتی و قەزای ئاکرێ و بەشێکی قەزای سۆرانیش دەکەوێتە بەشەکانی باشوری و قەزای ئامێدیش دەکەوێتە بەشەکانی ڕۆژئاوای . ئەم ناوچەیە شوێنێکی ستراتیجی گرنگی هەیە چونکە خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو وڵاتی (عێراق-تورکیا)یە لە ڕێگای وشکانی وە .

قەزای مێرگەسۆر لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوە دا(١٩٥٧_٢٠٠٩) گۆڕانکاری کارگێری گەورەی بەخۆوە بینیوە کە ئەویش خۆی لە دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی یەکە کارگێڕیەکانی دا بینیوەتەوە هەروەك لە خشتەی ژمارە (١) دا بۆمان دەردەکەوێت قەزاکە گۆڕانکاری زۆری کارگێڕی بە خۆوە بینیوە بە جۆرێك لە ساڵی (١٩٥٧) لە سێ یەکە پێکهاتوە بەڵام لە ساڵی (١٩٧٧) ئەم یەکانە ژمارەیان کەم دەکات بۆ دوو یەکە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بارودۆخی ناجێگیری سیاسی و شەڕی بزوتنەوەی کورد و حکومەتی عێراق لەو ماوەیەدا . لە ماوەی هەشتاکانیش بە بیانووی جەنگی عێراق – ئێران و شەری پێشمەرگەی کوردستان تەواوی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕاگوێزراون و گوند و شارۆچکەکانیشی خاپور کراوە بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١)ی خەڵکی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوبارە بڕیاری دامەزراندنەوەی قەزای مێرگەسور درا کە پێکهاتبوو لە ناحییەکانی (سەنتەر و بارزان و شێروان مەزن) دواتریش لە ساڵی (١٩٩٩) بڕیاری دامەزراندنی هەر یەکە لە ناحییە کانی(پیران،مەزنێ) دراوە و هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٤)یش بڕیاری دامەزراندنی ناحییەی (گۆڕەتوو) دراوە واتە قەزاکە لە (٣) یەکەی کارگێڕی وە لە ساڵی (١٩٥٧) زیادی کردوە بۆ (٦) یەکەی کارگێڕی لە ساڵی(٢٠٠٩).

**خشتەی ژمارە(١)**

**دابەشبوونی کارگێری لە قەزای مێرگەسۆر لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٥٧-٢٠٠٩)**

| ساڵ | ژمارەی یەکە | یەکە کارگێڕیەکان(ناحییە) |
| --- | --- | --- |
| ١٩٥٧ | ٣ | سەنتەر،بارزان،مزوری باڵا |
| ١٩٧٧ | ٢ | سەنتەر ، مزوری باڵا |
| ٢٠٠٥ | ٦ | سەنتەر،بارزان،شێروان مەزن،پیران،مەزنێ، گۆڕەتوو |
| ٢٠٠٩ | ٦ | سەنتەر،بارزان،شێروان مەزن،پیران،مەزنێ، گۆڕەتوو |

سەرچاوە:

١-خەلیل ئیسماعیل محەمەد،گۆڕینی نەخشەی ئیداری پارێزگای هەولێر لە ماوەی نیو سەدە دا ،گۆڤاری هەولێر،ژمارە٣،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر،١٩٩٩،ل١٣-١٧.

٢- پارێزگای هەولێر،بەرێوبەرایەتی خۆیەتی،خشتەی ناوی قەزا و ناحییەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر،٢٠٠٩،٢٠٠٥.

سەبارەت بە رووبەری قەزای مێرگەسوور چەندین گۆرانکاری بەخۆیەوە بینیوە هەروەك لە خشتەی ژمارە (٢) ئاماژەی پێ دراوە بە جۆرێك لە ساڵی (١٩٥٧) ڕوبەرەکەی لە (١٧٢٠)کم٢ وە کەمی کردوە بۆ (١٣٥٣)کم٢ کە ئەوەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) دا ناحییەی بارزان هەڵوەشێنراوەتەوە کەچی لە ساڵی (٢٠٠٩) دا دوبارە ڕوبەری قەزاکە بەرەو هەڵکشانەوە چووە کە بووەتە (١٩٧٦)کم٢ و زیاتر لە (١٣٪)ی لە کۆی گشتی ڕوبەری پارێزگای هەولێری پێکهێناوە کە ئەویش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کەوا لە ساڵی (١٩٩٧) دا گوندەکانی ناوچەی نزار لە قەزای ئاکرێ دادەبڕێن و دەخرێنە پاڵ قەزای مێرگەسۆر.بەڵام سەبارەت بە ڕوبەری یەکە کارگێڕیەکانی قەزای مێرگەسۆر لە ساڵی (٢٠٠٩) دا ئەوا لە خشتەی ژمارە (٣) دا بۆمان دەردەکەوێت کەوا جیاوازی گەورە لە نێوانیاندا هەیە هەروەك ناحییەی شێروان مەزن گەورەترین ڕوبەری قەزاکەی لە خۆگرتووە

**کە (٧٠٤.٢٨)کم٢ یە و بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی ڕووبەرەوە کە دەکاتە (٣٥.٦٪)ی ڕووبەری گشتی قەزاکە ،دوای ئەو ناحییەی بارزان بە پلەی دووەم دێت کە (٢٥.٦٪)ی ڕووبەرەکەی لە خۆ گرتووە ئینجا هەریەکە لە ناحییەکانی (گۆرەتوو،پیران،مەزنێ،ناحییەی سەنتەر)بە پلەی (سێیەم،چوارەم،پێنجەم ،شەشەم)دێن لە ڕووی ڕووبەرەوە کەیەك لە دوای یەك (١٩.١٪،١٢.٧٪،٦.٩٪،٠.٣٪)ی کۆی ڕووبەری ناوچەکەیان پێکهێناوە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم یەکانە نوێن و لە ئەنجامی دابڕانی بەشێکی ڕووبەری یەکەکانی وەك ناحییەی سەنتەر و شێروان مەزن و بارزان دروست بوون .**

**خشتەی ژمارە(٢)**

**ڕووبەری قەزای مێرگەسۆر و ڕێژەکەی لە کۆی ڕووبەری پارێزگای هەولێر لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٧-٢٠٠٩)**

| ساڵ | ڕوبەری قەزا/کم٢* | ڕوبەری پارێزگا/کم٢ | ٪ ڕوبەری قەزا لە کۆی پارێزگا |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٧٢٠ | ١٥٦٨٣ | ١١ |
| ١٩٧٧ | ١٣٥٣ | ١٤٤٧١ | ٩.٣ |
| ١٩٨٧ | - | ١٤٤٧١ | - |
| ٢٠٠٥* | ١٩٦٧ | ١٤٨١٧ | ١٣.٣ |
| ٢٠٠٩ | ١٩٧٦ | ١٥١٤١ | ١٣ |

**سەرچاوە :**

(١) وزارة الداخلية ، مديرية النفوس العامة ، المجموعة الأحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ ، لوائي موصل و أربيل ، مطبعة ألأرشاد ، بغداد ، الجدول الثاني .

(٢) وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للأحصاء ، المجموعة ألأحصائية السنوية ، ١٩٨٢ ، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء ، بغداد ، جدول رقم (٥/١) .

(٣) وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للأحصاء ، المجموعة ألأحصائية السنوية ، ١٩٨٧ ، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء ، بغداد ، جدول رقم (٥/١)

(٤) هەرێمی کوردستانی عێراق،وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم،بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار،ڕوبەری قەزای مێرگەسور و پارێزگای هەولێر لە ساڵانی٢٠٠٥و٢٠٠٩.

***بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوندەکانی ناوچەی نزار لە قەزای ئاکرێ دادەبڕێن و دەخرێنە پاڵ قەزای مێرگەسۆر ، بڕوانە: سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٥٥٨)لە ١٩٩٧/١٢/١٥(فەرمانی کارگێڕی)**

خشتەی ژمارە(٣)

روبەری یەكە كارگێرییەكانی قەزای مێرگەسوور و ڕێژەیان لە كۆی روبەری قەزاكە لە ساڵی (٢٠٠٩)

| یەكە كارگێڕیەكان(ناحییە) | ڕوبەر/كم٢ | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| ناحییەی سەنتەر | ٥.٤١ | ٠.٣ |
| شێروان مەزن | ٧٠٤.٢٨ | ٣٥.٦ |
| بارزان | ٥٠٠.٤ | ٢٥.٣ |
| پیران | ٢٥٠.٥٥ | ١٢.٧ |
| مەزنێ | ١٣٧ | ٦.٩ |
| گۆرەتوو | ٣٧٨.٥٦ | ١٩.٢ |
| كۆی گشتی | ١٩٧٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە:پشت بەست بە سەرچاوەكانی خشتەی ژمارە (٢).

باسی دووەم : ڕەهەندی دیمۆگرافی :

مەبەستمان لە ڕەهەندی دیمۆگرافی ناوچەی لێكۆڵینەوە شیكردنەوەی ئەو گۆڕانكاریانەیە كەوا بە سەر قەبارەی دانیشتوانی ناوچەكە دا هاتووە لە تەواوی ماوەی نێوان ساڵانی لێكۆڵینەوە دا ، هەروەك ئاشكرایە هەر گۆڕانكاریەك بە سەر قەبارەی دانیشتوان كاریگەریەكی گەورە دەكاتە سەر دابەشبوونی جوگرافی دانیشوان وچڕیان و قەبارەی دانیشتوانی شار و گوند.

هەر بۆیە بۆ شیكردنەوەی ئەو گۆڕانكاریانە پشت بەو سەرژمێریانەی دانیشتوان دەبەستین كە لە ناوچەكە دا ئەنجام دراوە ، چونكە سەرژمێری دانیشتوان لە سەردەمی ئێستا سەرچاوەیەكی سەرەكییە بۆ زانینیی ئەو گۆڕانكاریانەی كە بە سەر قەبارەی دانیشتوان دا هاتووە لە نێوان دوو ئامار دا (تالیب،١٩٩٩،ل٣٨).

لە سەیركردنی خشتەی ژمارە(٤) بۆمان دەردەكەوێت ژمارەی دانیشتوانی قەزاكە و ڕێژەیان لە كۆی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر گۆڕانكاری بە خۆوە بینیوە كە لەم خاڵانەی خوارەوە دا دەیخەینەروو :

یەكەم : لە ساڵی (١٩٥٧) دا ڕێژەی دانیشتوانی قەزاكە نزیكەی (٥٪)ی كۆی دانیشتوانی پارێزگای هەولێری پێكهێناوە كەچی تێبینی دەكەین لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧)دا ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ (٤٪)ی كۆی دانیشتوانی پارێزگاكە هەروەها لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧_١٩٧٧)دا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناوچەی لێكۆڵینەوە (٢.٤٪) بووە كەچی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگاكە لە هەمان ئەو ماوەیەدا (٣.٤٪) بووە(بڕوانە خشتەی ژمارە ٥) ، ئەم دابەزینەش لەم ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر لە دەستپێكی شۆڕشی ئەیلولی(١٩٦١)ەوە حكومەتانی عێراقی دەستیان كردوە بە هێرشی سەربازی فراوان بۆ سەر ناوچەكە و دەرئەنجامەكەشی سووتماك بوونی خاكی ناوچەكەی لێكەوتوەتەوە ڕێككەوتننامەی جەزائیریش كە لە ساڵی (١٩٧٥) لە نێوان عێراق و ئێران

دا بەستترا بڕیاری ڕاگوێزانی ناوچە سنورییەکانی هەر دوو وڵاتی بە قوڵایی (١٠_٢٠کم) دا.(محمد،٢٠٠١،ل٢٢)ئەم بڕیارەش هەریەکە لە قەزاکانی (مێرگەسور ، چۆمان ، ڕەواندز)ی لە پارێزگای هەولێر گرتەوە.(مینە،١٩٩٩،ل١٩٣) کە لەم ماوەیەدا زۆربەی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەر ڕاگوێزان کەوتوون و دانیشتوانەکەشیان لە ئوردوگا زۆرە ملێیەکاندا کۆکراونەتەوە.

**خشتەی ژمارە(٤)**

**ژمارەی دانیشتوانی قەزای مێرگەسوور و ڕێژەیان لە کۆی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩)**

| ساڵەکان | ژمارەی دانیشتوانی قەزا | ژمارەی دانیشتوانی پارێزگا | ڕێژەی قەزا لە کۆی پارێزگا٪ |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٣١٢٤ | ٢٧٣٣٨٣ | ٤.٨ |
| ١٩٧٧ | ٢١٣٨٨ | ٥٤١٤٥٦ | ٤ |
| ١٩٨٧ | ـــــ | ٧٧٠٤٣٩ | ـــــ |
| ٢٠٠٥ | ٤٥٤٩٤ | ١٥١٢٣٣٤ | ٣ |
| ٢٠٠٩ | ٥٣٦٤٠ | ١٧٧٨٨٢٦ | ٣ |

**سەرچاوە :**

١- وزارة الداخلية ، مديرية النفوس العامة ، المجموعة الاحصائية عام ١٩٥٧ ، لوائي موصل و أربيل ، المصدر السابق، الجدول رقم (٢).
٢- وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للأحصاء ، المجموعة الأحصائية السنوية ١٩٨٢ ، المصدر السابق، جدول رقم(١/٥)
٣- وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للأحصاء ، المجموعة الأحصائية السنوية ١٩٨٧ ، المصدر السابق، جدول رقم (١).
٤- هەرێمی کوردستانی عێراق،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر،بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار،سەرچاوەی پێشوو
٥- هەرێمی کوردستانی عێراق،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر،بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار،ئەنجامەکانی پرۆسەی گەماڕۆسازی و ژمارەدانان،٢٠٠٩، داتاکان بڵاونەکراوەیە.

**خشتەی ژمارە(٥)**

**گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسوور و پارێزگای هەولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩)٪**

| ماوە | گەشەی ساڵانەی قەزا | گەشەی ساڵانەی پارێزگا |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ — ١٩٧٧ | ٢.٤ | ٣.٤ |
| ١٩٧٧ — ٢٠٠٥ | ٢.٧ | ٣.٧ |
| ٢٠٠٥- ٢٠٠٩ | ٤.٢ | ٤.١ |

**سەرچاوە/ پشت بەستن بە سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە(٤).**

$$r = \left( \sqrt[t]{\frac{p_١}{p_٠}} - ١ \right) \times ١٠٠$$

r = ڕێژەی گەشەی ساڵانە.*

t = ژمارەی ساڵانی نێوان دوو سەرژمێر.

$p_١$ =ژ مارەی دانیشتوان لە دوایین سەرژمێر.

po = ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەكەم .

* سەرچاوە / طه حمادي الحديثي، جغرافية السكان، دار الكتب للطباعة والنشر ، الموصل، ١٩٨٨، ص٢٩١.

دووەم : ساڵی (٢٠٠٥) لە گەڵ ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی قەزاكە زیادی كردوە بۆ (٤٥٤٩٤)كەس و زیاتر لە (٣٪)ی كۆی دانیشتوانی پارێزگاكەی لە خۆ گرتووە هەر بۆیە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧_٢٠٠٥) بەرزبوەتەوە بۆ (٢.٧٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەرچەندە لە ماوەی هەشتاكان بە هۆی شەڕی عێراق و ئێران لە لایەك و جەنگی بزوتنەوەی كورد و حكومەتی عێراقی لە لایەكی تر تەواوی ناوچەكە ڕاگوێزراوە بەڵام لە دوای ڕاپەرینی ئاداری (١٩٩١) ی خەڵكی كوردستان و دامەزراندنی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی(١٩٩٢) دوبارە گوند و شارۆچكەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە ئاوەدان كراونەتەوە و دانیشتوانی ناوچەكەش زۆربەیان گەڕاونەتەوە سەر زێدی باو باپیرانیان.بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) دا ژمارەی دانیشتوانی قەزاكە هەڵدەكشێت بۆ (٥٣٦٤٠)كەس و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی لە ماوەی (٢٠٠٥_٢٠٠٩) هەڵكشاوە بۆ (٤.٢٪) كە ئەمەش تا ڕادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشكەوتنەی لە ناوچەكە دا ڕووی داوە بە تایبەتی لە ڕووی خزمەتگوزاریەكانەوە .

خشتەی ژمارە(٦)

ڕێژەی دانیشتوانی ناحییەكانی قەزای مێرگەسور لە كۆی دانیشتوانی قەزاكە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧_٢٠٠٩)

| ناحییەكان | ڕێژەی دانیشتوانی ناحییە لە كۆی دانیشتوانی قەزا (ساڵەكان) | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ |
| | ٢٨.٥ | ٤٩.٧ | ٨.٧ | ٥.٦ |
| سەنتەر | ٥٣.٣ | ٥٠.٣ | ١٠.٦ | ١٠.٣ |
| شێروان مەزن | ١٨.٢ | - | ٣٧.٢ | ٢٥.١ |
| بارزان | | | ١٢.٢ | ٢٢.٢ |
| پیران | | | ١٢.٥ | ١٥.٣ |
| مەزنێ | | | ١٨.٨ | ٢١.٥ |
| گۆڕەتوو | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ پشت بەستن بە سەرچاوەكانی خشتەی ژمارە(٤).

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی ناحییەکانی قەزاکە و ڕێژەیان لە کۆی دانیشتوانەکەی ئەوا لە خشتەی ژمارە(٦) دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە:

یەکەم : ناحییەی سەنتەر

ساڵی (١٩٥٧)دا زیاتر لە (٢٨٪)کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە کەچی لە ساڵی(١٩٧٧)ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی (٥٠٪)لە کۆی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا هەر لە سەرەتای شەستەکان بە هۆی شەڕی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراقی زۆر لە گوندەکانی ناحییەی بارزان چۆڵ کراون و دانیشتوانیشیان بەرەو ناحییەکانی تری قەزاکە و بەشەکانی تری پارێزگای هەولێر کۆچیان کردوە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٥)دا ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناحییەیە دادەبەزێت بۆ نزیکەی (٩٪)ی کۆی دانیشتوان و هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٩) ئەم ڕێژەیە دادەبەزیت بۆ نزیکەی (٦٪)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە ئەم داکشانەی ڕێژەی دانیشتوانی ناحییەکە دەگەڕێتەوە بۆ نەگەڕانەوەی زۆربەی دانیشتوانی راگوێزراوی ئەم یەکەیە بۆ سەر زێدی باوباپیرانیان کە تاکوو ئێستا بەشێکی گوندەکانی ئاوەدان نەکراونەتەوە.

دووەم : ناحییەی بارزان

ساڵی (١٩٥٧) زیاتر لە (١٨٪)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەی لە خۆ گرتووە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ (٣٧٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ئەم یەکەیە زۆرترین وێرانکاری بە خۆوە بینیوە لە ماوەی شەستەکان و حەفتا و هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو بەڵام لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوندەکانی ناحییەکە زۆربەیان ئاوەدانکراونەتەوە هەرچەندە چەندین گوندیش تاکوو ئێستا دانیشتوانەکەی بە هۆی نەبوونی پەناگە بۆیان نەگەڕاونەتەوە.

سێیەم : ناحییەی شێروان مەزن

ساڵی (١٩٥٧)دا زیاترلە(٥٣٪)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەی لە خۆگرتووە کەچی لە ساڵی (١٩٧٧) دا ئەم ڕێژەیە داکشاوە بۆ (٥٠٪)ی کۆی دانیشتوانی کەچی تێبینی دەکەین لە ساڵانی(٢٠٠٥) دا ڕێژەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (١١٪) کۆی دانیشتوانی قەزاکەی لە خۆگرتووە و لە ساڵی (٢٠٠٩) ئەم ڕێژەیە زیاتر لە (١٠٪) بووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆر لە گوندەکانی ئاوەدان نەکراونەتەوە و پێویستیان بە پرۆژەی پێویست هەیە کە هاندەر بێت بۆ گەڕانەوەی خەڵکی ناوچەکە کە تا ئێستا جێنشینن لە بەحرکە و قوشتەپە و سۆران و سێبیران و هەریر و شاخۆلان و سەلاحەددین .

چوارەم: ناحییەی پیران

ئەم یەکەیە نوێ یە و لە ساڵی(١٩٩٩)کراوەتە ناحییە و دووری سەنتەری یەکەکە تاکوو قەزای مێرگەسور(٢٢)کم و لە ساڵی (٢٠٠٥) زیاتر (١٢٪)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) دا ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ زیاتر لە (٢٢٪) .

پێنجەم :ناحییەی مەزنێ

ساڵی (١٩٩٨) دامەزراوە و دووری ئەم یەکەیەش لە سەنتەری قەزای مێرگەسور نزیکەی (٢٥)کم و ڕێژەی دانیشتوانەکەشی لە ساڵی (٢٠٠٥)دا زیاتر لە (١٢٪) ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە بووە کەچی لە ساڵی (٢٠٠٩) دا ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ زیاتر لە(١٥٪) .

شەشەم: ناحییەی گۆڕەتوو

ساڵی (٢٠٠٤) بە فەرمی کراوەتە ناحییە و گشت ئەو گوندانەشی کە سەر بە سەنتەری مێرگەسور بووە خراوەتە سەر ئەم یەکەیە ، ڕێژەی دانیشتوانەکەشی لە ساڵی (٢٠٠٥) دا نزیکەی (١٩٪) بووە لە کۆی دانیشتوانی قەزاکە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) دا بەرزبووەتەوە بۆ نزیکەی (٢١.٥٪) .

ئەم هەڵکشانەی ڕێژەی دانیشتوانی ئەم یەکە نوێ یانە تاڕادەیەك پەیوەندی بە باشبوونی ئاستی گوزەرانی دانیشتوانیان و پێشکەوتنی ئاستی خزمەتگوزاریەکانەوە هەیە بە تایبەتی لە دوای ساڵی (٢٠٠٣).

باسی سێیەم : دابەش بوونی ژینگەی دانیشتوان

دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان دابەشبوونی دانیشتوانە لە نێوان شار و گوند دا ، ئەم جۆرە دابەشبوونە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە دەرخستنی جیاوازی دابەشبوونی شارنشینان و گوندنشینان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دا .

سەبارەت بە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسوور چەندین گۆڕانکاری بە سەر دا هاتووە هەروەك لە خشتەی (٧) دا خراوەتەروو بە شێوەیەك :

یەکەم : ڕێژەی شارنشینانی قەزای مێرگەسوور لە ساڵی (١٩٥٧) دا (٩٪)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەیان پێکهێناوە لە بەرامبەر دا گوندنشینانی (٩١٪)ی کۆی دانیشتوانی یەکەکە بوون ، بەرزی ڕێژەی گوندنشینان بەراورد بە شارنشینان دەگەڕێتەوە بە پلەی یەکەم بۆ هێوری بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی بەڵام لە ساڵی (١٩٧٧) دا ئەم ڕێژانە گۆڕانیان بەسەر دا دێت کە ڕێژەی شارنشینان بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی (٢٩٪)ی کۆی دانیشتوانی کەچی ڕێژەی گوندنشینانی دادەبەزێت بۆ (٧١٪) کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ڕامیارییە ئاڵۆزەی کە ناوچەکە بە تایبەتی گوندەکانی بە خۆیانەوە بینیوە کە زۆرینەی دانیشتوانی گوندنشینی لەم ماوەیەدا ڕاگوێزراون.

دووەم : ساڵی (٢٠٠٥) شارنشینانی قەزاکە ڕێژەیان هەڵدەکشێت بۆ نزیکەی (٣٢٪)ی کۆی دانیشتوانی کەچی لە بەرامبەر دا ڕێژەی گوندنشینانی دادەبەزێت بۆ (٦٨٪)ی کۆی دانیشتوان ئەم هەڵکشانەی ڕێژەی شارنشینان و داکشانی ڕێژەی گوندنشینانی پەیوەندی بەوەوە هەیە کەوا دوای ئەوەی لە کۆتایی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دا گشت یەکەکان و گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تەواوی ڕاگوێزراون لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان زۆر لە دانیشتوانەکەی نەگەڕاونەتەوە جێگاکانیان بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) دا ڕێژەی شارنشینان بەرزدەبێتەوە بۆ زیاتر لە (٥١٪)ی کۆی دانیشتوان و ڕێژەی گوندنشینانیشی دادەبەزێت بۆ نزیکەی (٤٩٪)ی کۆی دانیشتوانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینان و دابەزینی ڕێژەی گوندنشینان دەگەڕێتەوە بۆ ئاوەدان نەکردنەوە ی گوندەکان و نەگەڕانەوەی دانیشتوانی گوندنشینی ناوچەکە بە تەواوی بە هۆی خراپی باری ئابوری گوندنشینانی و هەروەها نەبوونی خزمەتگوزاریە پێویستەکان .

خشتەی ژمارە(٧)

دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسور لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩)

| ساڵ | شارنشین٪ | گوندنشین٪ |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٩ | ٩١ |
| ١٩٧٧ | ٢٨.٩ | ٧١.١ |
| ٢٠٠٥ | ٣١.٩ | ٦٨.١ |
| ٢٠٠٩ | ٥١.٢ | ٤٨.٨ |

سەرچاوە:

١–وزارة الداخلية ، مديرية النفوس العامة ، المجموعة الاحصائية عام ١٩٥٧ ، لوائي موصل و أربيل ، المصدر السابق ، الجدول رقم (٨) ،ص٢٢٧ — ٢٢٩.

٢ - وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للأحصاء ، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة أربيل ، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء ، بغداد، ١٩٧٨ جدول رقم (٢٢) ،ص ٣٠.

٣ - هەرێمی كوردستانی عێراق،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر،بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی كار،سەرچاوەی پێشوو.

٤-هەرێمی كوردستانی عێراق،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر،بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی كار،ئەنجامەكانی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان، سەرچاوەی پێشوو.

سەبارەت بە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسوور لە سەر ئاستی ناحییەكانی چەندین گۆڕانكاری بە سەر دا هاتووە هەروەك لە سەیركردنی خشتەی ژمارە(٨) و نەخشەی(٢) بۆمان دەردەكەوێت بە شێوەیەك :

یەكەم : ناحییەی سەنتەر

ساڵی (١٩٥٧) دا ڕێژەی شارنشینانی (١١٪)ی كۆی دانیشتوانی بووە كەچی ڕێژەی گوندنشینانی (٨٩٪) بووە هۆكاری ئەمەش بۆ ئارامی بارودۆخی ڕامیاری ناوچەكە دەگەڕێتەوە بەڵام لە ساڵی (١٩٧٧)دا ڕێژەی شارنشینانی هەڵدەكشێت بۆ نزیكەی(٤٣٪) و ڕێژەی گوندنشینانیشی (٥٧٪) بووە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە بارودۆخی ناسروشتی ناوچەكەوە هەبووە كە زۆربەی گوندەكانی لەم ماوەیەدا ڕاگوێزراون لە ساڵی (٢٠٠٥)یش ڕێژەی شارنشینان دەبێتە (١٠٠٪) ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە لە دوای دامەزراندنی ناحیەی (گۆڕەتوو) گشت گوندەكانی ناحییەی سەنتەری قەزاكە دەخرێنە سەر ئەم یەكە نوێ یە.

دووەم: ناحییەی شێروان مەزن

ساڵی (١٩٥٧) دا ڕێژەی شارنشینانی زیاتر بووە لە (٤٪)ی كۆی دانیشتوانی و ڕێژەی گوندنشینانیشی نزیكەی (٩٦٪) بووە كە دیسان هۆكارەكەی بۆ ئارامی بارودۆخی ئاسایش دەگەڕێتەوە لەم ماوەیەدا كەچی لە ساڵی (١٩٧٧) ئەم ڕێژانە گۆڕانیان بە سەر دا دێت و ڕێژەی شارنشینانی هەڵدەكشێت بۆ زیاتر لە (١٥٪) و ڕێژەی گوندنشینیشی دادەبەزێت بۆ نزیكەی (٩٥٪)ی كۆی دانیشتوان ئەمەش بە هۆی فاكتەری رامیاری و ڕاگواستنەوە بووە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٥،٢٠٠٩) ڕێژەی شارنشینانی بەرزدەبێتەوە یەك لە دوای یەك بۆ نزیكەی (١٨٪،١٩٪) و

ڕێژەی گوندنشینانیشی نزیکەی (٨٢٪،٨١٪)ی کۆی دانیشتوانی بووە هۆکاری نزمی هەڵکشانی ڕێژەی شارنشینانی پەیوەندی بە کەمی و نەبوونی دامەزراوە ئابوری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریەکان دەگەڕێتەوە لەم ساڵە دا .

سێیەم :ناحییەی بارزان

ساڵی (١٩٥٧) ڕێژەی شارنشینانی زیاتر لە (١٩٪) کۆی دانیشتوانی یەکەکە بوون بەڵام ڕێژەی گوندنشینانی نزیکەی(٨١٪)ی کۆی دانیشتوانی بووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئارامی دۆخی ئاسایش لە ماوەی پەنجاکاندا گەر بەراوردی بکەین بە ساڵەکانی دواتر هۆکار بووە بۆ مانەوەی دانیشتوان لە زێدی خۆیان بەڵام تێبینی دەکەین لە ماوەی حەفتا و هەشتاکاندا ئەم یەکەیە بەتەواوی ڕاگوێزراوە لە ساڵانی (٢٠٠٥و٢٠٠٩)یش ڕێژەی شارنشینانی دەگاتە نزیکەی (٢٧٪،٢٣٪) و ڕێژەی گوندنشینانیشی زیاتر بووە لە (٧٣٪،٧٧٪) کۆی دانیشتوانی لە گەڵ ئەوەی باری ئاسایشی ناوچەکە هێور بووەتەوە ، زۆربەی گوندەکانی ناحییەکە ئاوەدانن بەڵام تاکوو ئێستا خەڵکی یەکەکە بەتەواوی نەگەڕاونەتەوە زێدی خۆیان.

چوارەم: ناحییەی پیران

ڕێژەی شارنشینانی لە ساڵی (٢٠٠٥) نزیکەی (٣٠٪)ی کۆی دانیشتوانی بووە و ڕێژەی گوندنیشانیشی (٧٠٪) بووە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەی شارنشینانی هەڵکشاوە بۆ زیاتر لە (٤٣٪) لە بەرامبەر دا ڕێژەی گوندنشینانی داکشاوە بۆ نزیکەی (٥٧٪) دامەزراندنی پیران وەك یەکەیەکی سەربەخۆ هۆکار بووە بۆ پێشکەوتنی خزمەتگوزارییەکان لە شار دا بە بەراورد بە گوندەکان بۆیە ئەم هۆکارە ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی شارنشینانی و هەروەها کۆچکردنی گوندنشینانیشی بۆ سەنتەری ئەم یەکەیە.

پێنجەم : ناحییەی مەزنێ

ساڵی (٢٠٠٥) دا ڕێژەی شارنشینانی (٢٨٪) ی کۆی دانیشتوانی بووە لە بەرامبەر دا گوندنشینانی زیاترلە (٧٢٪) ی کۆی دانیشتوانی بوون بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) ئەم ڕێژانە یەك لە دوای یەك (٤١٪،٥٠٪)بووە هەڵکشانی ڕێژەی شارنشینانی بە بەراورد بە گوندنشینانی پەیوەندی بە و گرنگیدانەوەیە کەوا حکومەت بە سەنتەرەکانی شارنشینی دەدات بەتایبەتی لە ڕووی دابین کردنی کارەبا و چاککردن و ڤیرتاوکردنی ڕێگاوبانەکان و دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێ بوون .

شەشەم :ناحییەی گۆڕەتوو

ساڵی (٢٠٠٥)ڕێژەی شارنشینانی نزیکەی (٢٣٪)ی کۆی دانیشتوانی بووە کەچی ڕێژەی گوندنشینانی (٧٧٪) بووە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) ئەم ڕێژانە یەك لە دوای یەك دەگۆڕن بۆ (٥٪،٩٥٪) ئەم هەڵکشانەی ڕێژەی گوندنشینانی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە گشت گوندەکانی ئاوەدانن گەر بەراوردی بکەین بە ناحییەکانی دیکەی ناوچەی لێکۆڵینەوە .

**خشتەی ژمارە(٨)**

**دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لە ناحیەکانی قەزای مێرگەسور لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩)٪**

| ناحییەکان | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ٢٠٠٥ | | ٢٠٠٩ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین |
| سەنتەر | ١١ | ٨٩ | ٤٢.٩ | ٥٧.١ | ١٠٠ | - | ١٠٠ | - |
| شێروان مەزن | ٤.٤ | ٩٥.٦ | ١٥.٢ | ٨٤.٨ | ١٧.٦ | ٨٢.٤ | ١٩.١ | ٨٠.٩ |
| بارزان | ١٩.٢ | ٨٠.٨ | | | ٢٦.٧ | ٧٣.٣ | ٢٢.٦ | ٧٧.٤ |
| پیران | | | | | ٣٠ | ٧٠ | ٤٣.٤ | ٥٦.٦ |
| مەزنێ | | | | | ٢٧.٩ | ٧٢.١ | ٤٠.٩ | ٥٠.١ |
| گۆڕەتوو | | | | | ٢٢.٦ | ٧٧.٤ | ٥.١ | ٩٤.٩ |

**سەرچاوە / پشت بەستن بە سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە(٧)**

**بەشی دووەم : دابەشبوونی قەبارەیی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە**

**دابەشبوونی قەبارەیی لە لێکۆڵینەوەکانی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتواندا جێگای بایەخە و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە چونکە سروشت و جۆری دابەشبوونی دانیشتوان ڕوون دەکاتەوە کە لە سەر ئەم بنەمایە دەکرێ پلانی دابینکردنی پێداویستیە ئابوری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریەکانی دانیشتوان دابنرێت ، هەربۆیە لێرەدا بە مەبەستی زانینی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە سەر قەبارەی نشینگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هاتووە ئەم باسەی لێکۆڵینەوەکەمان تایبەت کردووە بەم لایەنانە :**

**نەخشەی - ٢**

دابەش بوونی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای مێرگە سوور لەساڵی ( ٢٠٠٩ )




سەرچاوە : کاری توێژەر ، بە پشت بەستن بە: خشتەی - ٨ -

**خشتەی ژمارە(٩)**

**ڕێژە ی قەبارە و دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکانی قەزای مێرگەسور لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٥٧-٢٠٠٩)**

| نشینگە شارستانیەکان | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ٢٠٠٥ | | ٢٠٠٩ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٪لە کۆی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکان | ٪ لە کۆی دانیشتوانی قەزا | ٪لە کۆی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکان | ٪ لە کۆی دانیشتوانی قەزا | ٪لە کۆی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکان | ٪ لە کۆی دانیشتوانی قەزا | ٪لە کۆی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکان | ٪ لە کۆی دانیشتوانی قەزا |
| | ٣٤.٩ | ٣.١ | ٧٣.٦ | ٢١.٣ | ٢٧.٥ | ٨.٧ | ١٨.٧ | ٥.٦ |
| مێرگەسور | ٢٦.٤ | ٢.٤ | ٢٦.٤ | ٧.٦ | ٥.٦ | ١.٩ | ٦.٥ | ٢ |
| شێروان مەزن | ٣٨.٧ | ٣.٥ | - | - | ٣١.١ | ٩.٩ | ١٨.٦ | ٥.٦ |
| بارزان | - | - | - | - | ١١.٦ | ٣.٧ | ٣١.٨ | ٩.٦ |
| پیران | - | - | - | - | ١٠.٨ | ٣.٤ | ٢٠.٧ | ٦.٣ |
| مەزنێ | - | - | - | - | ١٣.٤ | ٤.٢ | ٣.٧ | ١.١ |
| گۆڕەتوو | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٢٨.٩ | ١٠٠ | ٣١.٨ | ١٠٠ | ٣٠.٢ |

**سەرچاوە/ پشت بەستن بە سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە(٧).**

**باسی یەکەم : دابەشبوونی نشینگە شارستانیەکان بە پێی ڕیزبەندی قەبارەیان :**

**نشینگە شارستانیەکانی قەزای مێرگەسور گۆڕانێکی گەورە بە سەر ژمارە و قەبارەیان دا هاتووە بۆیە لێرەدا بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی جۆری ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە سەر ئەو نشینگانە دا هاتووە لە ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوە و بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارەی (٩) بۆمان دەردەکەوێت کە ناحییەی سەنتەر(مێرگەسور) لە ساڵی (١٩٧٧) دا نزیکەی (٪٧٤)ی کۆی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەی تێدا کۆبووەتەوە و هەروەها زیاتر لە (٪٢١)ی کۆی دانیشتوانی پێکهێناوە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) دا ئەم ڕێژانە یەک لە دوای یەک دادەبەزێت بۆ نزیکەی(٪١٩)ی کۆی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکان و نزیکەی (٪٦)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە هەروەها شێروان مەزنیش لە ساڵەکانی (١٩٥٧و١٩٧٧) زیاتر لە (٪٢٦)ی کۆی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکانی لە خۆگرتووە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) دا ئەم ڕێژەیە داکشاوە بۆ نزیکەی (٪٦.٥)کۆی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکان و نزیکەی (٪٢)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە بەرزی ڕێژەی شارنشینان لە ماوەی حەفتایەکان پەیوەندی بە بارودۆخی رامیاری ئاڵۆزی ناوچەکەوە هەبووە بە تایبەتی نشینگە گوندیەکانی بەڵام نزمبوونەوەی ڕێژەکەیان لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٩) پەیوەندی بە هێور بوونەوەی ڕەوشی ئاسایشی ناوچەکەو گەڕانەوەی دانیشتوانی ڕاگوێزاوی نشینگەکانەوە بووە بۆ جێگاکانیان (بڕوانە نەخشەی٣)، سەبارەت بە (پیران و مەزنێ) لە ساڵی (٢٠٠٥) دا یەک لە دوای یەک نزیکەی(٪١٢و٪١١)ی کۆی دانیشتوانی نشینگە شارستانیەکانی قەزاکەیان لە خۆگرتووە کەچی لە ساڵی (٢٠٠٩) ئەم ڕێژانە**

## نەخشەی - ٣

دابەش بوونی نشینگە شارستانیەکانی قەزای مێرگە سوور بە گوێری ڕیزبەندی قەبارەیان لەساڵی ( ٢٠٠٩ )




سەرچاوە : كاری توێژەر ، بە پشت بەستن بە: خشتەی - ٩ -

هەڵكشاون یەك لە دوای یەك بۆ نزیكەی(٣٢٪و٢١٪) ئەم هەڵكشانەش پەیوەندی بەوەوە هەیە كەوا ئەم نشینگە شارستانیانە نوێن و گرنگی پێ دانیان و دابین كردنی خزمەتگوزاریەكان هۆكاری ئەم هەڵكشانە بوو

خشتەی ژمارە (١٠)

دابەشبوونی قەبارەیی نشینگە گوندیەكان لە قەزای مێرگەسوور لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩)

٪لە كۆی هەمووی

| دەستەی قەبارەیی | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ٢٠٠٥ | | ٢٠٠٩ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٪گوند | ٪دانیشتوان | ٪گوند | ٪دانیشتوان | ٪گوند | ٪دانیشتوان | ٪گوند | ٪دانیشتوان |
| كەمتر لە ٢٠٠كەس | ٨٨.٨ | ٥٧.١ | ٧٧.٨ | ٢٩.٨ | ٥٠.٥ | ١٨.٩ | ٤٧.٩ | ١٦.٨ |
| ٢٠١_٥٠٠كەس | ٩.٦ | ٢٩.٩ | ١٦ | ٣٣.١ | ٣٢ | ٣٤.٥ | ٣٤ | ٣٩.٥ |
| ٥٠١_١٠٠٠كەس | ١.٦ | ١٣ | ٣.٧ | ١٧.٨ | ١٤.٦ | ٣١.٤ | ١٨.١ | ٤٣.٧ |
| زیاتر لە ١٠٠٠كەس | - | - | ٢.٥ | ١٩.٣ | ٢.٩ | ١٥.٢ | - | - |
| كۆی | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوەكان:

(١) وزارة الداخلية ، مديرية النفوس العامة ، المجموعة الأحصائية لتسجيل عام (١٩٥٧) ، سكان القري لأولوية الموصل و السليمانية و أربيل و كركوك و ديالي ، مطبعة دار التضامن ، بغداد ، ١٩٦١ .

(٢) مديرية تخطيط محافظة أربيل ، المجموعة الأحصائية لريف محافظة أربيل حسب تعداد (١٩٧٧) ، جدول رقم (٢١) ، مطبوعة بالرونيو، (غير منشورة) .

(٣)هەرێمی كوردستانی عێراق،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر،بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی كار،سەرچاوەی پێشوو.

(٤)هەرێمی كوردستانی عێراق،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر،بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی كار،ئەنجامەكانی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان، سەرچاوەی پێشوو.

باسی دووەم : دابەشبوونی نشینگە گوندیەكان بە پێی ڕیزبەندی قەبارە و تێكرای قەبارەیی گوند :

سەبارەت بە دابەشبوونی قەبارەیی نشینگە گوندییەكان لە قەزای مێرگەسوور بە گوێرەی دەستەی قەبارەیان چەندین گۆرانكاری بە سەر دا هاتووە هەروەك لە خشتەی ژمارە(١٠)خراوەتەروو بە شێوەیەك:

یەكەم : دەستەی (كەمتر لە ٢٠٠كەس) :

ئەو نشینگانەی كە كەوتونەتە نێو ئەم دەستەیە زۆرترین ڕێژەیان لە كۆی نشینگە گوندیەكانی قەزاكە لە تەواوی ماوەی نێوان ساڵانی لێكۆڵینەوە لە خۆگرتووە بە جۆرێك لە ساڵی (١٩٥٧) هەر یەكە لە گوند و دانیشتوانیان یەك لە دوای یەك نزیكەی(٨٩٪و٥٧٪) بووە بەڵام لە ساڵی (١٩٧٧)ئەم ڕێژانە یەك لە دوای یەك دادەبەزێن بۆ (٧٨٪و٣٠٪) و هەریەكە لە ژمارەی نشینگە و دانیشتوانیشیان لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٧٧)یەك لە دوای یەك بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی (-٢.٨و-٣.٢)كەمیان كردووە(بڕوانە نەخشەی٤) ئەمەش بۆ ئەو بارودۆخە ڕامیاریە ئاڵۆزە دەگەڕێتەوە كەوا نشینگەكانی ئەم دەستەیەی تێدا بووە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) دا ئەم ڕێژانە نزیكەی( ٤٨٪ و ١٧٪)بوون و هەریەكە لە نشینگە و دانیشتوانیان لە ماوەی نێوان ساڵانی

(٢٠٠٥_٢٠٠٩) بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی (-٤٪و-٧٪)بووە ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکوو ئێستاش زۆر لە نشینگەکانی ئەم دەستەیە ئاوەدان نەکراونەتەوە .

دووەم : دەستەی (٢٠١-٥٠٠کەس):

ئەو نشینگانەی کەوتونەتە نێو ئەم دەستەیەوە لە ساڵی (١٩٥٧) دا نزیکەی (١٠٪و ٣٠٪)ی ڕێژەی گوند و دانیشتوانی نشینگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەی لە خۆ گرتووە ئەم ڕێژانەش لە تەواوی ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوە دا لە هەڵکشاندا بووە هەروەك لە ساڵی (٢٠٠٩) دا ئەم ڕێژانە هەڵکشاوە بۆ (٣٤٪و٣٩٪) و هەریەکە لە نشینگە و دانیشتوانیشیان لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٩) بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی (-٠.٨ ٪و -٠.٩٪) گەشەیان کردووە .

سییەم :دەستەی (٥٠١-١٠٠٠کەس):

ئەم دەستەیەش لە ساڵی (١٩٥٧) دا ڕێژەی نشینگە و دانیشتوانیان نزیکەی (٢٪و١٣٪) بوون هەروەها ئەم ڕێژانە ڕوویان لە هەڵکشان بووە لە ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوە و لە ساڵی (٢٠٠٩) هەریەك لە نشینگە و دانیشتوانیان یەك لە دوای یەك نزیکەی (١٨٪ و ٤٤٪) بوون و هەریەکەشیان لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٩) بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی زیاتر لە (٣٪و٤٪) ڕوویان لە هەڵکشان بووە(بڕوانە خشتەی ژمارە (١)) کە دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە لەساڵی (٢٠٠٩) دا زۆرینەی دانیشتوانی نشینگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم دەستەیەدا کۆبوونەتەوە .

## نەخشەی - ٤

دابەش بوونی قەبارەیی نشینگە گوندییەکان لە قەزای مێرگە سوور لە ساڵی (٢٠٠٩)




سەرچاوە : کاری توێژەر ، بە پشت بەستن بە: خشتەی - ١٠ -

خشتەی ژمارە (١١)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی نشینگە و دانیشتوانی گوندەکان لە قەزای مێرگەسوور لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩)بە پێی دەستەی قەبارەییان٪

| دەستەی قەبارەیی | ١٩٥٧_١٩٧٧ | | ١٩٧٧_٢٠٠٥ | | ٢٠٠٥_٢٠٠٩ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گوند | دانیشتوان | گوند | دانیشتوان | گوند | دانیشتوان |
| کەمتر لە ٢٠٠کەس | ٢.٨- | ٣.٢- | ٠.٧- | ١.٨ | ٣.٦- | ٦.٩- |
| | ٠.٤ | ٠.٥ | ٣.٤ | ٣.٦ | ٠.٨- | ٠.٩- |
| ٢٠١-_٥٠٠کەس | ٢.١ | ١.٦ | ٥.٩ | ٥.٦ | ٣.٢ | ٤.٢ |
| ٥٠١-_١٠٠٠کەس | - | - | ١.٥ | ٢.٦ | - | - |

سەرچاوە/ پشت بەستن بە سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە(١٠).

چوارەم :دەستەی (زیاتر لە ١٠٠٠کەس) :

ئەم دەستەیە لە ماوەی حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو دا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دا سەریان هەڵداوە ئەویش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە ڕامیاریە ئاڵۆزەی کە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە خۆیەوە دیوە لەو ماوەیەدا کە هۆکار بووە بۆ کۆچکردنی دانیشتوانی گوندنشین لە دەستەکانی دیکەوە بۆ نێو ئەم دەستەیە هەروەك لە ساڵی (١٩٧٧) هەریەکە لە ڕێژەی گوند و دانیشتوانەکەیان زیاتر لە (٢٪و١٩٪) بووە بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەم ڕێژانە نزیکەی (٣٪ و ١٥٪) بوون و هەریەك لەم ڕێژانەش لەو ماوەیەدا بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی نزیکەی(١.٥٪و٣٪) گەشەیان کردووە .

لە سەیرکردنی خشتەی ژمارە (١٢) دا بۆمان دەردەکەوێت کەوا لە ساڵی (١٩٥٧) دا تێکڕای قەبارەی گوندنشینی قەزاکە (٩٥.٩کەس/گوند) بووە و ئەم تێکڕایانەش بەردەوام ڕووی لە هەڵکشان بووە بە جۆرێك لە ساڵی (١٩٧٧) دا ئەم تێکڕایە هەڵکشاوەتەوە بۆ (١٨٨کەس/گوند) ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبووە کەوا ژمارەی نشینگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە (١٢٦) نشینگەوە کەمی کردووە بۆ (٨١) نشینگە(پاشکۆی ژمارە١) بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٥) دا تێکڕای قەبارەی گوندنشینی هەڵکشاوە بۆ (٣٠٠کەس/گوند) کە ئەمەش پەیوەندی بە گەڕانەوەی دانیشتوانی گوندنشینی قەزاکەوە هەیە بۆ سەر زێدی باوباپیرانیان بە جۆرێك لە م ساڵە دا ژمارەی نشینگەکان زیادی کردووە بۆ (١٠٣) نشینگە .

**خشتەی ژمارە(١٢)**

**تێکڕای قەبارەی دانیشتوانی گوندنشینی قەزای مێرگەسور لە سەر ئاستی ناحییەکانی لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٥٧_٢٠٠٩)**

| ناحییەکان | تێکرای دانیشتوان کەس/گوند* | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ |
| | ٦٠.٥ | ٧٥.٧ | - | - |
| سەنتەر | ١٣٣.٨ | ١٩٧.٣ | ٢٢١.١ | ١٩٦.٦ |
| شێروان مەزن | ٩٦.٢ | - | ٤٩٥ | ٣٨٢ |
| بارزان | - | - | ٢١٨.٩ | ٢٣٥.٨ |
| پیران | - | - | ٣٣٨.٥ | ٣٧٧.٩ |
| مەزنێ | - | - | ٢٢٠.٩ | ٢٥٥.٥ |
| گۆڕەتوو | ٩٥.٥ | ١٨٧.٦ | ٣٠٠.٨ | ٢٧٨.٦ |

**سەرچاوە/ پشت بەستن بە سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە(١٠).**

$$\text{*تێکڕای قەبارەی گوند} = \frac{\text{ژمارەی دانیشتوانی گوندنشین لە یەکەیەکی کارگێڕی}}{\text{ژمارەی گوندەکانی یەکە کارگێڕیەکە}}$$

**بەڵام سەبارەت بە ناحییەکانی ناوچەکە ئەوا ناحییەی شێروان مەزن لە ساڵی (١٩٥٧) تێکڕای قەبارەی گوندی (١٣٤کەس/گوند) بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەم تێکڕایە هەڵکشاوە بۆ زیاتر لە (٢٢١کەس/گوند) هەروەها ناحییەی بارزانیش لە ساڵی (١٩٥٧) دا تێکڕای قەبارەی گوندی زیاتر بووە لە (٩٦کەس/گوند) بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەم تێکڕایە هەڵکشاوە بۆ (٤٩٥کەس /گوند) ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کەوا دوای ئەوەی ئەم یەکە کارگێڕیانە لە کۆتایی حەفتایەکان گوندەکانیان بەر ڕاگواستن کەوتووە و لە ماوەی هەشتایەکانیش بە یەکجاری ئەم یەکانە ڕاگوێزراوە بەڵام لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم زۆرینەی نشینگەکانیان ئاوەدانکراونەتەوە بەڵام ناحییەکانی (پیران،مەزنێ،گۆڕەتوو)لە ساڵی (٢٠٠٥)تێکڕای قەبارەی گوندیان یەك لە دوای یەك نزیکەی (٢١٩و٣٣٨و٢٢١کەس/گوند) بووە کەچی لە ساڵی (٢٠٠٩) ئەم ڕێژانە یەك لە دوای یەك هەڵکشاون بۆ نزیکەی(٢٣٦و٣٧٨و٢٥٥کەس/گوند) ئەم بەرزبوونەوەی تێکڕای قەبارەی ئەم یەکانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ئەم یەکانە نوێن و دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان بۆیان هۆکار بووە لە گەڕانەوەی دانیشتوانە کەیان .**

**بەشی سێیەم :**

**چڕی دانیشتوان و ئەو فاکتەرە رامیارییانەی کە کاریان کردوەتە سەر دابەشبوونی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

**باسی یەکەم : چڕی گشتی دانیشتوان**

**ئاسانترین پێوەری چڕی دانیشتوانە کە بەکاردەهێنرێت بۆ دەرخستنی جیاوازی لە دابەشبوونی دانیشتوان لە نێوان ناوچەیەك و یەکێکی تر دا ، چڕی گشتیش بریتیە لە تێکڕای ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشە یان هەر یەکەیەکی تری پێوانە(ابوعیانە،١٩٨٦،ص٢٠٤).**

**سەبارەت بە چڕی گشتی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوا لە خشتەی ژمارە(١٣) بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕانکاری گەورەی بە خۆیەوە بینیوە هەروەك تێبینی دەکەین کە نزمترین چڕی لە ساڵی (١٩٥٧) دا بووە کەوا نزیکەی (٨کەس/کم٢) بەڵام بەرزترین چڕی لە ساڵی (٢٠٠٥)بووە کە زیاتر بووە لە (٢٣کەس/کم٢) هۆکاری نزمی چڕییەکەی لە ماوەی پەنجاکاندا بۆ کەمی ژمارەی دانیشتوانی دەگەڕێتەوە گەر بەراوردی بکەین بە ڕووبەرەکەی بەڵام بەرزی چڕییەکەی بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە دەگەڕێتەوە کە لە (١٣١٢٤)کەسەوە لە ساڵی(١٩٥٧)هەڵکشاوە بۆ (٤٥٤٩٤)کەس لە ساڵی (٢٠٠٥).**

**لە سەر ئاستی ناحییەکانیشی دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە ناحییەی سەنتەری ناوچەی لێکۆڵینەوە نزمترین چڕی لە ساڵی (١٩٥٧) دا بووە کە زیاتر لە (٦کەس/کم٢) بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٥) هەڵدەکشێ بۆ نزیکەی (٧٩٥کەس/کم٢) ئەم بەرزبوونەوەیەی چڕییەکەی لەم ماوەیەدا لە لایەك پەیوەندی بە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و لە لایەکی تر بۆ بچووك بوونەوەی ڕووبەرەکەی دەگەڕێتەوە کە لە (٥٨٥کم٢)ەوە لە ساڵی (١٩٥٧) کەمیکردوە بۆ (٥کم٢)لە ساڵی (٢٠٠٥)،ناحییەی شێروان مەزنیش نزمترین چڕی لە ساڵی (٢٠٠٩)دا بووە کەوا نزیکەی (٥.٥کەس/کم٢) بەڵام بەرزترین چڕی لە ساڵی (١٩٧٧)بووە کە زیاتر لە (١٧کەس/کم٢) ، نزمی چڕییەکەی پەیوەندی بە دابەزینی ژمارەی دانیشتوانیەوە هەیە بەڵام بەرزی چڕیەکەی پەیوەندی بە گردبوونەوەی دانیشتوانەوە هەیە لەم یەکەیە دا لە کۆتایی حەفتایەکاندا ئەویش بە هۆی بارودۆخی ڕامیاری و ئاسایشی ئاڵۆزی زۆر لە بەشەکانی قەزاکە ، ناحییەی بارزانیش نزمترین چڕی لە ساڵی (١٩٥٧) بووە کە زیاتر لە (٥کەس/کم٢) بەڵام بەرزترین چڕی لە ساڵی (٢٠٠٥) بووە کە نزیکەی (٢٨.٥کەس/کم٢) ئەم بەرزییەی چڕییەکەی لە ماوەی ئەم ساڵە دا پەیوەندی بە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانەکەیەوە هەیە کە زیاتر لە (٣٧٪)ی دانیشتوانی قەزاکەی لە ماوەی ئەم ساڵە دا لەم ناحییە دابوون ، سەبارەت بە ناحییەکانی پیران و مەزنێش چڕییان ڕوو لە هەڵکشان بووە بە جۆرێك لە ساڵی (٢٠٠٥)یەك لە دوای یەك نزیکەی (٢٥و٤٠کەس/کم٢) بووە کەچی لە ساڵی (٢٠٠٩) چڕییەکەیان هەڵکشاوە یەك لە دوای یەك بۆ (٣٣,٤٢کەس/کم٢).**

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**چڕی گشتی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسور بە پێی ناحییەکانی لە ماوەی (١٩٥٧-٢٠٠٩)**

| ناحییەکان | چڕی گشتی دانیشتوان کەس/کم٢ | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ |
| | ٦.٤ | ١٤.٦ | ٧٩٤.٨ | ٣٩٢.٨ |
| سەنتەر | ١١.٢ | ١٧.٢ | ٧.٢ | ٥.٥ |
| شێروان مەزن | ٥.١ | - | ٢٨.٥ | ١٨.٧ |
| بارزان | - | - | ٢٤.٨ | ٣٣.٢ |
| پیران | - | - | ٣٩.٦ | ٤٢ |
| مەزنێ | - | - | ٢٦.٢ | ٢١.٣ |
| گۆڕەتوو | ٧.٨ | ١٥.١ | ٢٣.١ | ١٩ |

سەرچاوە/ پشت بەستن بە سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە(٦).

**باسی دووەم** : فاکتەرە رامیاریەکان کە کاریان کردوەتە سەر دابەشبوونی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:

بۆ ئەوەی لە فاکتەری رامیاری تێ بگەین لە سەر دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای مێرگەسوور ئەوا کاریگەرییەکانی ئەم فاکتەرە لە سەر ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ چەند قۆناغێك دابەش دەکەین:

قۆناغی یەکەم : (١٩٦١-١٩٧٤)

حکومەتانی عێراقی هەر لە ساڵی (١٩٦١)ەوە واتە لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولەوە دەستیان کردووە بە هێرشی سەربازی فراوان بۆ سەر ناوچەی لێکۆڵینەوە و دەرئەنجامەکەشی سووتماك بوونی خاکی ناوچەکەی لێکەوتوەتەوە ، هەروەك لە بەهاری ساڵی (١٩٦٣) زیاتر لە پەنجا گوندی عەشیرەتەکانی شێروانی و بە ڕۆژی و نزاری لە ناوچەی بارزان لە ئەنجامی نائارامی ناوچەکە ئاوارە دەبن و لە ناوچە مزوورییەکان دەگیرسێنەوە تاکوو پاییزێکی درەنگ .(محەمەد،٢٠٠٤،ص١١٩).

قۆناغی دووەم : (١٩٧٥-١٩٩٠)

لەم قۆناغەدا ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی (١٩٧٥) لە نێوان عێراق و ئێران دا بەسترا کە بڕیاری ڕاگوێزانی ناوچە سنوریەکانی هەر دوو وڵاتی بە قووڵایی (١٠-٢٠کم) دا ئەم بڕیارەش قەزای مێرگەسووری گرتەوە هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا چونکە ئەم ناوچەیە باشترین شوێنی بەگژداچوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی بوو، لە دوای نسکۆی شۆڕشیش لە هەمان ئەو ساڵە دا زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە بە ناچاری پەنایان بردە بەر وڵاتی ئێران هەروەك لە خشتەی ژمارە (١٤) دا بۆمان دەردەکەوێت کە تەنها لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٧) نزیکەی (٦١) گوندی قەزاکە کە (١١٥٦) خێزانیان لە خۆ گرتبوو بەرەو ئۆردوگاکانی حاجی ئاوا و بنەسڵاوە و دارەتوو و بەرحوشتر ڕاگوێزراون .

**خشتەی ژمارە(١٤)**

**ڕاگوێزانی گوندنشینان لە قەزای مێرگەسوور**

| ناحییەکان | ژمارەی گوند | ژمارەی خێزانەکان | ساڵی ڕاگوێزان |
|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٢٧ | ٦٦٠ | ١٩٧٧ |
| شێروان مەزن | ١٨ | ٤٩٦ | ١٩٧٧ |
| بارزان | ١٦ | - | ١٩٧٦ |
| کۆی قەزا | ٦١ | ١١٥٦ | - |

سەرچاوە: Shorsh, M . Ressol , Destruction Of a Nation , Printed in USA , ١٩٩٠, P.٨٥-٨٧

لە ساڵی (١٩٨٢) ناحیەی شێروان مەزن و گوندی کرکەموو لە ناوچەی بارزان بۆ ئوردوگای سێبیران لە نزیک شاری هەولێر ڕاگوێزراون ، بە گوتەی میدڵ ئیست ووچ لە ساڵی (١٩٨٨) نزیکەی (٩٠) گوندی ناحیەکانی بارزان و شێروان مەزن لە قەزاکە ڕاگوێزراون ، ساڵی (١٩٨٩)یش حکومەتی عێراقی (٣٤)گوندی هەر دوو عەشیرەتی دۆڵەمەری و شێروانی لە ناحیەی بارزان ڕاگوێزا زۆربەشیان لە ئوردوگای سارداڤ لە نزیک شارۆچکەی سۆران نیشتەجێ کران .لە مانگی شەشی ساڵی (١٩٩٠) حکومەت لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوانەی تاکوو ئەو کاتە مابوونەوە ئاگادار کردەوە کە بە زووترین کات بارگە و بنەیان تێك بنێن ، هەر بۆیە دانیشتوانی ئوردوگای گۆڕەتوو کە لە ساڵی (١٩٧٨)ەوە مزوری و هەرکیەکانی لێ نیشتەجێ کرابوو بۆ ئوردوگای شاخۆلان لە دووری (١٥)کم لە باکوری رۆژئاوای عەنکاوە ڕاگوێزا و هەروەها دانیشتوانی سەنتەری قەزاکە و شەش گوندی تریشی بۆ ئوردوگاکانی سارداو باسرمە ڕاگواست .(محەمەد،٢٠٠٤،ل١٥٥)

**قۆناغی سێیەم : (١٩٩١-٢٠٠٩)**

دوای ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی کوردستان زۆر لە دانیشتوانی ڕاگوێزراوی ناوچەی لێکۆڵینەوە گەڕانەوە سەر زێدی باو باپیرانیان و هەروەها ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکەش کە پەنابەر بوون لە وڵاتی ئێران گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانیان هەروەك بە گوێرەی داتاکانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارەی پەنابەرە گەڕاوەکانی قەزای مێرگەسوور لە وڵاتی ئێران لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٩) دا نزیکەی (٥٥٦٦)خێزان بوون کە لە (٢٧٨٣٠)کەس پێکهاتوون و گەڕاونەتەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە(*). هەروەها لە خشتەی ژمارە (١٥) نەخشەی (٥) دا بۆمان دەردەکەوێت کە لە گەڵ ئەوەی زۆر لە دانیشتوانی ڕاگوێزراوی ناوچەکە گەڕاونەتەوە سەر زێدی باوباپیرانیان بەڵام تاکوو ئێستا نزیکەی (٨٠) گوندی ناوچەکە چۆڵن و ئاوەدان نەکراونەتەوە کە نزیکەی (٦٩) گوندیان لە ژێر دەسەڵاتی پارتی کرێکارانی کوردستان دان لە چوارچێوەی هەرێمی پاراستنی میدیا .

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**ژمارەی گوندە چۆڵکراوەکانی قەزای مێرگەسور لە ساڵی (٢٠٠٩)**

| ناحییەکان | ژمارەی گوندە چۆڵکراوەکان |
|---|---|
| بارزان | ١٦ |
| شێروان مەزن | ٤٦ |
| پیران | ١٤ |
| مەزنێ | ٤ |
| گۆرەتوو | - |
| کۆی قەزا | ٨٠ |

**سەرچاوە/**

**هەرێمی کوردستانی عێراق،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر،بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار،ئەنجامەکانی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان، سەرچاوەی پێشوو.**

(*) بڕوانە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ناوخۆ ، بەشی پلاندانان و بەدواداچوون،٢٠٠٩، (داتاکان بڵاونەکراوەیە)

## نەخشەی - ٥

گوندە چۆڵكراوەكانی قەزای مێرگە سوور لە ساڵی ( ٢٠٠٩ )




سەرچاوە : كاری توێژەر ، بە پشت بەستن بە: خشتەی - ١٥-

**ئەنجامەکان**

**١- قەزای مێرگەسور شوێنێکی ستراتیجی گرنگی هەیە چونکە خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو وڵاتی (عێراق-تورکیا)یە لە ڕێگای وشکانی وە .**

**٢-گۆڕانکاریەکی گەورە بە سەر دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دا هاتووە هەروەك لە ساڵی (١٩٥٧) شارنشینانی (٩٪)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەیان پێکهێناوە لە بەرامبەر دا گوندنشینانی (٩١٪)ی کۆی دانیشتوانی یەکەکە بوون بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) دا ڕێژەی شارنشینان بەرزدەبێتەوە بۆ زیاتر لە (٥١٪)ی کۆی دانیشتوان و ڕێژەی گوندنشینانیشی دادەبەزێت بۆ نزیکەی (٤٩٪)ی کۆی دانیشتوانی.**

**٣-ئەو نشینگانەی گوندییانەی کە کەوتونەتە نێو دەستەی کەمتر لە (٢٠٠)کەس زۆرترین ڕێژەیان لە کۆی نشینگە گوندیەکانی قەزاکە لە تەواوی ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوە لە خۆگرتووە بە جۆرێك لە ساڵی (١٩٥٧) هەر یەکە لە گوند و دانیشتوانیان یەك لە دوای یەك نزیکەی(٨٩٪و٥٧٪) بووە بەڵام لە ساڵی٢٠٠٩) دا ئەم ڕێژانە نزیکەی( ٤٨٪ و ١٧٪)بوون و هەریەکە لە نشینگە و دانیشتوانیان لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٩) بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی (-٤٪و-٧٪)بووە ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکوو ئێستاش زۆر لە نشینگەکانی ئەم دەستەیە ئاوەدان نەکراونەتەوە .**

**٤- سەبارەت بە چڕی گشتی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوا گۆڕانکاری گەورەی بە خۆوە بینیوە هەروەك تێبینی دەکەین کە نزمترین چڕی لە ساڵی (١٩٥٧) دا بووە کەوا نزیکەی (٨کەس/کم٢) بەڵام بەرزترین چڕی لە ساڵی (٢٠٠٥)بووە کە زیاتر بووە لە (٢٣کەس/کم٢) .**

**٥-سەبارەت بە ڕاگوێزانی دانیشتوانی ناوچەکە ئەوا بە چەند قۆناغێك دا تێ پەڕیوە کە سەخترینیان قۆناغی نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩٠) بووە کە لەم ماوەیەدا زۆرینەی نشینگە و دانیشتوانی قەزاکە ڕاگوێزراون بۆ دەرەوەی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە .**

**ڕاسپاردە**

**١-گرنگی دان بە داتاکانی بواری دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە چونکە هەر شیکردنەوەیەکی زانستی لەم بوارە دا پێویستی بە ئامارێکی ورد و دروست هەیە .**

**٢-دانانی پلان و پرۆگرامێکی بەپێز بە مەبەستی نۆژەنکردنەوەی ناوچەکە چونکە تاکوو ئێستا نزیکەی (٨٠) گوندی ناوچەکە ئاوەدان نەکراونەتەوە بە تایبەتی لە ناحییەی شێروان مەزن.**

**٣-پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ گوندەکانی ناوچەکە بە تایبەتی لە ڕووی ڕێگاوبان و دامەزراندنی قوتابخانە و نەخۆشخانە چونکە ئەوەی هەیە لە گەڵ پێداویستییەکانی دانیشتوانی ناوچەکە ناگونجێت بە دابینکردنیشیان وادەکات خەڵکی ناوچەکە کەمتر کۆچ بکەن .**

**٤-نزیکەی (٤٨٪)ی نشینگە گوندییەکانی قەزاکە لە دەستەی کەمتر لە (٢٠٠کەس)ن کە تەنها نزیکەی (١٧٪) کۆی دانیشتوانی گوندنشینیان تێدا کۆبوەتەوە هەر بۆیە لە پێناو گەیاندنی خزمەت گوزارییەکان بەشێوەکی باشتر بۆ نشینگە گوندییەکان پێوستە چەند گوندێك کۆبکرێتەوە لە شوێنێکی گونجاو لە شێوەی گوندی نموونەی دا کە پێداویستیەکانی تیادا فەراهەم کرابێ بۆ دانیشتوان .**

٥-ناوچەی لێکۆڵینەوە بەوە ناسراوە کە سروشتێکی گەشتیاری هەیە بۆیە پێویستە گرینگی زیاتر بەگەرتی گەشت و گوزاری ناوچەکە بدرێت و زیاتر خزمەتی شوێنەوارە گەشت گوزارییەکانی ناوچەی لێکولینەوە بکرێت بە ئامانجی ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچەکە کە سوودی ئابوری باشی دەبێت.


سەرچاوەکان

پەرتوك :

أ-کوردی

١- تالیب ،جەزا تۆفیق ، بایەخی جیۆپۆڵەتیکی ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق ، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ، چاپخانەی دلێر ، سلێمانی ، ١٩٩٩ .

٢- مینە ، ئەمین قادر، ئەمنی ستراتیجی ی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان ، تەرحیل ، تەعریب ، تەبعیس ، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان ، سلێمانی ، ١٩٩٩ .

٣-محەمەد،مراد حەکیم،ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعس دا ،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان،سلێمانی،٢٠٠٤.

ب-عەرەبی

١- محمد ، خليل أسماعيل ، مؤشرات سياسة التعريب و التهجير في أقليم كردستان العراق ، مطبعة جامعة صلاح الدين ، أربيل ، ط٢ ، ٢٠٠١ .

٢-الحديثي ، طه حمادي ، جغرافية السكان، دار الكتب للطباعة والنشر ، الموصل، ١٩٨٨.

٣-أبو عيانة ،فتحي محمد، مدخل الي التحليل الأحصائي في الجغرافيا البشرية ، دارالنهضة العربية للطباعة والنشر ، بيروت ، ١٩٨٦ .

پ-ئینگلیزی

١- Shorsh, M . Ressol , Destruction Of a Nation , Printed in USA , ١٩٩٠.

گۆڤار :

١- خەلیل ئیسماعیل محەمەد،گۆڕینی نەخشەی ئیداری پارێزگای هەولێر لە ماوەی نیو سەدە دا ،گۆڤاری هەولێر،ژمارە٣،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،هەولێر،١٩٩٩.

چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان :

١- پارێزگای هەولێر،بەرێوبەرایەتی خۆیەتی،خشتەی ناوی قەزا و ناحییەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر ،٢٠٠٩.

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی نەخشە،هۆبەیgis ،نەخشەی ناحییەکانی پارێزگای هەولێر،٢٠١٥ .

٣- وزارة الداخلية ، مديرية النفوس العامة ، المجموعة الأحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ ، لوائي موصل و أربيل ، مطبعة ألأرشاد ، بغداد .

٤-وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للأحصاء ، المجموعة ألأحصائية السنوية ، ١٩٨٢ ، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء ، بغداد .

٥-وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للأحصاء ، المجموعة ألأحصائية السنوية ، ١٩٨٧ ، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء ، بغداد.

٦ هەرێمی کوردستانی عێراق،وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم،بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار،روبەری قەزای مێرگەسور و پارێزگای هەولێر لە ساڵانی٢٠٠٥و٢٠٠٩.

٧- وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للأحصاء ، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة أربيل ، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء ، بغداد، ١٩٧٨ .

٨- وزارة الداخلية ، مديرية النفوس العامة ، المجموعة الأحصائية لتسجيل عام (١٩٥٧) ، سكان القري لأولوية الموصل و السليمانية و أربيل و كركوك و ديالي ، مطبعة دار التضامن ، بغداد ، ١٩٦١ .

٩-مديرية تخطيط محافظة أربيل ، المجموعة الأحصائية لريف محافظة أربيل حسب تعداد (١٩٧٧) ، مطبوعة بالرونيو، (غير منشورة) .

١٠- حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی ناوخۆ ، بەشی پلاندانان و بەدواداچوون،٢٠٠٩،(داتاکان بڵاونەکراوەیە).

پاشكۆی ژماره (١)

ژمارەی گوندە ئاوەدانەكانی قەزای مێرگەسوور لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩)

| یەكە كارگێرییەكان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٩ |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٥٥ | ٣٣ | - | - |
| شێروان مەزن | ٥١ | ٤٨ | ١٨ | ١٦ |
| بارزان | ٢٠ | | ٢٥ | ١٩ |
| پیران | | | ١٨ | ٢٠ |
| مەزنێ | | | ١٢ | ٩ |
| گۆڕەتوو | | | ٣٠ | ٣٠ |
| كۆی گشتی | ١٢٦ | ٨١ | ١٠٣ | ٩٤ |

سەرچاوەكان:

١- وزارة الداخلية ، مديرية النفوس العامة ، المجموعة الأحصائية لتسجيل عام (١٩٥٧) ، سكان القري لأولوية الموصل و السليمانية و أربيل و كركوك و ديالي ، مطبعة دار التضامن ، بغداد ، ١٩٦١ .

٢- مديرية تخطيط محافظة أربيل ، المجموعة الأحصائية لريف محافظة أربيل حسب تعداد (١٩٧٧) ، جدول رقم (٢١) ، مطبوعة بالرونيو، (غير منشورة) .

٣- هەرێمی كوردستانی عێراق،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر،بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی كار،٢٠٠٥ ، داتاكان بڵاونەكراوەیە.

٤- هەرێمی كوردستانی عێراق،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر،بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی كار،ئەنجامەكانی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانان،٢٠٠٩، داتاكان بڵاونەكراوەیە.

**الملخص**

**لقد كان للعوامل السياسية اثر كبير في توزيع السكان في قضاء ميركه سور ، حيث لازالت اثارها باقية حتى الان و اصبحت سببا في تباين توزيع السكان من منطقة لاخرى في منطقة الدراسة و انعكست اثارها على مدى التقدم الاقتصادي و الاجتماعي فيها،لذا كان الدراسات السكانية اهمية كبيرة في وضع برامج و خطط التنمية و في وضع الحلول اللازمة للمشاكل التي تتعرض هذه العملية.**

**في هذه الدراسة (تاثير العوامل السياسية لتوزيع السكان في قضاء ميركه سوربين (١٩٥٧-٢٠٠٩) تتم دراسة الموقع الجغرافي للقضاء و كذلك التغيرات الحاصلة في النواحي الادارية و في مساحة منطقة الدراسة بالاظافة الى التطرق الى البعد الديموغرافي و التوزيع البيئيي و حجم سكان القضاء، مع تسليط الضوء على كثافة السكان و كذلك دراسة مراحل ترحيل سكان القضاء و من ثم خلصت الدراسة بمجموعة من الاستنتاجات و التوصيات.**

## ABSTRACT

Distribution of Mergasor District population has been affected by political factors. Still, the footprint of the political factors on population distribution can be seen there. Consequently, the situation has affected economic and social development. So, writing about population distribution in Mergasor is important to put a plan or program to develop the area and solve its problems. This work is about the political factors of distribution of Mergasor district population between ١٩٥٧-٢٠٠٩. In this work, the geographical position of the Mergesor district and the changes of its border will be explained, then, the demographic dimension, environmental distribution of population, and population size of the research area will be shown. Moreover, population density and Phases of displacement of the population of the research are explained and finally you will see recommendations.